**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٢٤

٢٠٠٠ ـ بەرگی بیست و چوارەم

چاپی یەکەم ٢٠٠١

# پێڕست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەستپێک ........ ل٥
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یەک ........ ل٢١
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوو ........ ل٧١
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سێ ........ ل٧٥
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چوار ........ ل١٠١
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پێنج ........ ل١٠٧
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شەش ........ ل١٥٩
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەوت ........ ل١٧٩
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە هەشت ........ ل١٩٥
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە نۆ ........ ل٢١٩
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دە ........ ل٢٧٥
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یازدە ........ ل٣٠١
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوازدە ........ ل٣٨١
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سێزدە ........ ل٤٠١
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چواردە ........ ل٤٢٧
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پازدە ........ ل٤٤٩
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شازدە ........ ل٤٩١
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەڤدە ........ ل٥٢١

استناداً الى احكام الفقرة الاولى من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه وزير المساعدات الإنسانية والتعاون لاقليم كوردستان العراق و وافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٠ اصدار القانون الاتي:

رقم ( ) لسنة ٢٠٠٠

قانون التعديل الاول لقانون وزارة المساعدات الانسانية

والتعاون لاقليم كوردستان العراق رقم (٢٠) لسنة ١٩٩٣

المادة الاولى: تعدل المادة الخامسة من قانون وزارة المساعدات الانسانية والتعاون لاقليم كوردستان العراق رقم (٢٠) لسنة ١٩٩٣ وتقرأ على الوجه التالي:

المادة الخامسة: تتألف تشكيلات الوزارة من:

١- مكتب الوزير.

٢- مكتب وكيل الوزارة.

٣- المديرية العامة للديوان: يرأسها موظف بدرجة مدير عام على ان يكون من حملة الشهادة الجامعية الاولية وترتبط بها:

أ- مديرية الحسابات.

ب- مديرية الادارة والذاتية.

٤- المديرية العامة للعلاقات: يرأسها موظف بدرجة مدير عام على ان يكون من حملة الشهادة الجامعية الاولية وترتبط بها:

أ- مديرية المنظمات.

ب- مديرية التننسيق واعداد المشاريع والمتابعة.

٥- المديرية العامة للسفر: يرأسها موظف بدرجة مدير عام يحمل شهادة جامعية اولية.

٦- المديرية العامة لممثليات حكومة الاقليم في الخارج: ويرأسها موظف بدرجة مدير عام يحمل شهادة جامعية اولية على ان يجيد اللغة ........ على الاقل وترتبط بها ممثليات حكومة اقليم كوردستان العراق في الخارج وتمنح تلك الممثليات الصلاحيات التالية:

أ- تحرير التركات.

ب- تبليغ الاوراق القضائية.

ج- صلاحية كاتب العدل.

د- تنفيذ طلبات الانابة في التحقيق.

هـ- الانابة في التحليف.

و- المخابرات المتعلقة بمعاملات الاحوال المدنية.
ز- المخابرات المتعلقة بالاعمال القنصلية.
المادة الثانية: لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.
المادة الثالثة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية

د .روژ نوري شاويس
رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

ئەوە دەقی پڕۆژەکە بوو

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەڕێزان ئەم پڕۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاساو لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکان دەکرێت.
فەرموون برگەی سێیەم خوێندنەوەی یەکەم پڕۆژەی یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٣یە.
ئەمەش دەقی پڕۆژەکەیە:

مشروع قانون التعديل الثاني لقانون الاحزاب لاقليم كوردستان العراق
رقم (١٧) لسنة ١٩٩٣

المادة الاولى:
تعدل الفقرة (١) من المادة الثانية وتكون كالاتي:
١- لكل مواطن من مواطني اقليم كوردستان العراق والساكنين فيه بصورة دائمية ممن تتوفر فيهم الشروط حق المشاركة في تأسيس الاحزاب.
المادة الثانية:
تضاف الفقرة التالية على المادة الرابعة ويكون تسلسلها (٦) وكالآتي:
٦- ان لا يتعارض منهاجه و نظامه الداخلي مع النظام العام.
المادة الثالثة: تعدل الفقرة (١) من المادة السادسة وتكون كالآتي:
أ- تقديم طلب الى وزارة الداخلية موقع من اعضاء مؤسسين لا يقل عددهم عن (٥٠) عضواً ولا يقل عمر العضو عن (٢٥) سنة و مواطنين مؤازرين لا يقل عددهم عن (٥٠٠) مواطناً و لا يقل عمر المؤازر عن (١٨) سنة و ان لا يكون العضو المؤازر محكوماً عليه بجناية او جنحة مخلة بالشرف ولم يشارك في الجرائم التي خططت لها السلطة القمعية او ارتكبها في كوردستان ومتمتعا بالاهلية القانونية ويجيد القراءة والكتابة ويرفق بطلب التأسيس منهاج الحزب ونظامه الداخلي.

ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ لەم بارەیەوە قسە بکەن با ناویان بنووسین، ئەگەر تێبینی هەبێ؟ دیارە هیچ تێبینی نییە، پێشنیار دەکەم بخرێتە دەنگدانەوە... پێشنیارەکەی منیش ئەوەیە کە ئەو داواکارییەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە اعفاء کردنی بەڕێز عبدالجلیل فەیلی لە پۆستی وەزیری موافەقەتم لەسەر داوە.. تکایە کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە..؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەگشتی دەنگ بڕیاری لەسەر درا.. سوپاس جارێکی تر..

بۆ خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان پێشەکی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری دەکەم و هەروەها بەڕێزان وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم وکاروباری پەرلەمان، تکایە ئەندامێکی لیژنەی یاسا و ئەندامێکی بەڕێز لیژنەی پەیوەندییەکان بێنە سەر سەکۆ.. رای لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی دەیخوێنمەوە دەقی رای لیژنەی یاسایە:

بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

بابەت/ رای لیژنە

نیشانە بە نووسراوتان ژمارە ک/٢٣ لە ٢٠٠٠/٩/٥ پاش دیراسەت ولێکۆڵینەوە رای لیژنەکەمان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

بۆ ئاسان کردن و راپەراندنی ئیش وکاری هاوولاتیان لە ناوەوەو دەرەوە وخستنە ئەستۆی ئەم کارانە لەئەستۆی وەزارەتی مرۆڤایەتی بۆیە رامان لەگەڵ پرۆژەکەدایە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس ئێستاش رای لیژنەی پەیوەندییەکان.

**بەڕێز ئەحمەد سالار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەت/ رای لیژنە

ڕێزو سڵاو تکایە بفەرمون رای لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکان سەبارەت بە نووسراوی ژمارە ک/٢٣ لە ٢٠٠٠/٩/١٣ تایبەت بەهەموار کردنی یاسای وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٩٣ پەسەندەو پشتگیری لێ دەکەین، لەگەڵ ڕێزو سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستاش پرۆژەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز شـــــێـــروان نـاسح حـــــەیدەری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

مشروع قانون

استناداً الى احكام الفقرة الاولى من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه وزير المساعدات الإنسانية والتعاون لاقليم كوردستان العراق و وافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / ٢٠٠٠ اصدار القانون الاتي:

رقم ( ) لسنة ٢٠٠٠

قانون التعديل الاول لقانون وزارة المساعدات الانسانية والتعاون لاقليم كوردستان العراق رقم (٢٠) لسنة ١٩٩٣

المادة الاولى:

تعدل المادة الخامسة من قانون وزارة المساعدات الانسانية والتعاون لاقليم كوردستان العراق رقم (٢٠) لسنة ١٩٩٣ وتقرأ على الوجه التالي:

المادة الخامسة: تتألف تشكيلات الوزارة من:

١- مكتب الوزير.

٢- مكتب وكيل الوزارة.

٣- المديرية العامة للديوان: يرأسها موظف بدرجة مدير عام على ان يكون من حملة الشهادة الجامعية الاولية وترتبط بها:

أ- مديرية الحسابات.

ب- مديرية الادارة والذاتية.

٤- المديرية العامة للعلاقات: يرأسها موظف بدرجة مدير عام على ان يكون من حملة الشهادة الجامعية الاولية وترتبط بها:

أ- مديرية المنظمات.

ب- مديرية التنسيق واعداد المشاريع والمتابعة.

٥- المديرية العامة للسفر: يرأسها موظف بدرجة مدير عام يحمل شهادة جامعية اولية.

٦- المديرية العامة لممثليات حكومة الاقليم في الخارج: ويرأسها موظف بدرجة مدير عام يحمل شهادة جامعية اولية على ان يجيد اللغة (على الاقل) وترتبط بها ممثليات حكومة اقليم كوردستان العراق في الخارج وتمنح تلك الممثليات الصلاحيات التالية:

أ- تحرير التركات.

ب- تبليغ الاوراق القضائية.

ج- صلاحية الكاتب العدل.

د- تنفيذ طلبات الانابة في التحقيق.
هـ- الانابة في التحليف.
و- المخابرات المتعلقة بمعاملات الاحوال المدنية.
ز- المخابرات المتعلقة بالاعمال القنصلية.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەرێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە دەست بەرزبکەنەوە بۆ ئەوەی ناونوس بکرێن، ناوی هەشت بەرێز نوسراوە ناوەکان ئەخوێنمەوە، بەرێزان جميل عبدی، بورهان جاف، ابراهیم سعید، د.ناسح، د.رزگار، حاکم سفر محمد، سەعید یەعقوبی، محمد حسن باڵەتە، کەسی تر ماوە؟.. ئایا بەرێز وەزیری مرۆڤایەتی هیچ تێبینی هەیە؟، نییەتی. سوپاس، فەرموو روون کردنەوەیەک بدە..

**بەرێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لەپرۆژەکەدا هاتووە فەرقی هەیە لەگەڵ قانونی ئەصلی کە لە بۆ وەزارەتی مرۆڤایەتی دەرچوو بوو کاتی خۆی. ئێستا لەم پرۆژەیەدا دوو مدیریەت لەغو کراوە یەکەمیان (مدیریة التدقیق) دووەمیان (مدیریة الشؤون القانونیة)، لەهەمان کات دوو مدیریە استحداث کراوە یەکەمیان (المدیریة العامة للسفر)ەو، دووەمیان (المدیریة العامة لممثلیات حکومة الاقلیم في الخارج)ە، ئەوە لەبۆ ئەندامان تاکو صورەتێکی روونیان هەبێ لە پرۆژەکەدا لەگەڵ رێزمدا.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەرێز جمیل عبدی فەرموو.

**بەرێز جمیل عبدی سندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بەنووسینیش ئاراستەی جەنابتانمان کردووە لەلایەن لیژنەی دارایی و ئابوری، ئەگەر بێت و بەری خۆ بدەینە ئەڤ پرۆژەی جەنابی وەزیری مرۆڤایەتی زۆر سوپاسی دەکەین وەکو دەیەوێ وەزارەتی مرۆڤایەتی بەرەو پێش ببات، لەلایەنی علاقات و جوازاتدا، لایەنی حسابی گەر بەری خۆ بدەینێ هەروەکو بەرێز کاک شێروان ووتی مدیریەتی تدقیق رایا من بکرێ نەکو ئەوە وەزارەتا مرۆڤایەتی ناڤێ ئەڤ مدیریەتێکا مهمە بەرایا من وەختێ پرۆژا هاتی دایناتن چونکە ئەڤ مدیریەتا نە مدیریەتا عام لدیوان بێت ئەڤ مدیریەتا هاتیە ژبیر کرن تەنیا مدیریەتا حسابات مای، رایا لیژنەی ما ئەوەیە مدیریەتا تدقیق وەکی مشروعی پێشو بگەرێتەوە و(أ،ب،ج) ببێتە

مدیریاتا ( أ-مديرية الحسابات ب- مديرية الادارة والذاتية ج- مديرية التدقيق)، چونکە هەر وەزارەتەکی تدقیقا حساباتێ دەوێتن کە لەگەڵ گەلەک مکاتب وگەلێک دەوائیر دێتە گرێدان و، رایا رای جەنابی وەیە و جەنابی وەزیرە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو جەنابی وەزیر..

**بەڕێز شفیق قەزاز/ وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا مەسەلەی مدیریەتی تدقیق ئەوەندەی من ئاگادار بم وابزانم ئیشتباهێکی تیایە چونکە ئێمە ئیلغامان نەکردووە ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ یاسا کۆنەکە، رەنگە لەسەر ئەساسی ئەوە کرابێ کە هەموو مادەکانی کە لەیاسای ئەسلەکەدا هەیە لە دەمجی ئەو تعدیلەی کە کراوە تیا نەبێ، بەڵام مدیریەتی تدقیق لە جێی خۆی ئەمێنێ وەکو لەیاسای کۆندا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە وابزانم اضافە بکرێت وانییە؟.. بۆ پرۆژەکە هەر ئەوەندەیە اضافە بکرێت و ئەو اشکالە حەل دەبێت، زۆر سوپاس.. بەڕێز کاک برهان جاف فەرموو.

**بەڕێز بورهان جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگە شەشدا هاتووە قەوسێکی کردۆتەوە وپێش قەوسەکە دەڵێ (على ان يجيد اللغة) یانی قصدی چی لغەیەکە لەوانەیە ئینگلیزیش بێت تەثبیت بکرێت زۆر زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری مرۆڤایەتی فەرموو.

**بەڕێز شەفیق قەزار/ وەزیری مرۆڤایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تحدیدمان کردبوو کە لوغەتی ئینگلیزی لوغەتێکی عالەمییە لوغەتی امی متحدەیە لە هەموو جێگایەک تعاملی پێ دەکرێ لەبەر ئەوە هیچ گومان لای ئێمە نییە کە ئەو لوغەتە لوغەی ئینگلیزیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەویش بنوسرێ وابزانم خراپ نییە لە پرۆژەکەدا، بەڕێز کاک ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر هەمان ئەو قسەیەی کە کاک جمیل گوتی مدیریەی شؤون قانونیش لە ئەسلەکەدا هەبووە ئەویش رەنگە لەهەمان شوێن جارێکی تر دێتەوە، ئەویش چونکە ئیلغاء کراوە لەگەڵ تدقیق،

پرسیاری دووەمم هەموو مدیریاتی عام لێرە تحدیدی مدیریاتیان لەگەڵ کردووە، جگە لەمدیریەی عامی سەفەر، عجبا ئەو چ مدیریاتی نابێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، یەکە یەکە وەڵامیان دەدەیتەوە یان دەتەوێ هەمووی پێکەوە وەڵامیان بدەیتەوە، بەپێی تقدیری جەنابت ئەگەر بەباشی بزانی یەکەیەکە، فەرموو.

**بەڕێز شەفیق قەزاز/ وەزیری مرۆڤایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت تحدیدی ئەو مدیریاتانەی کە لە جوازات هەیە وەکو ئاگادارن دائرەی جوازات گۆڕانکاریەکی زۆری تیا کراوە، لە ماوەی ئەم سێ ساڵەی رابردوودا مەرکەزی ئیش وکاری جوازات لە ئیبراهیم خەلیل بووە، بۆیە ئێمە هێناومانەتە وەزارەت بەڵام بە حوکمی ئیشەکە بەتایبەتی ئەوانەی کە لە دەرەوە دێن پێویستە بەشێکی زۆر لەوانە لە ئیبراهیم خەلیل بمێننەوە وە لە ماوەی ساڵی رابردوودا ئێمە بەشێکی ترمان داناوە یاخود لە دهۆک دامەزرێ واتە مدیریەتێک هەیە و بە حوکمی ئەوەی کە ئێستا کاروباری سەفەر لە فیش خابورەوە بەرەو رووی وەزارەتی مرڤایەتی کراوە، لەم مانگانەی کۆتاییدا لەوێش ئەگەر شتێکی تر دامەزرێنین ئەویش لە پرۆسەی دامەزراندندایە هەروەها وەکو بەڕێزتان ئاگادارن استحداثی چەند پارێزگایەک کراوە و ئێمە بەحوکمی ئیشەکە پێویستمان بەوە هەبێ کە مدیریات لەو جێگایانەی تریش دابنێین لەبەر ئەوە بەنیسبەت استحداثی مدیریات ولق وئەوانەی کە بەنیسبەت جوازاتەوە پێویستە تەنانەت لەبەر ئەوەشەکە ئێمە داوامان کردووە کە ببێت بە بەڕێوەبەراتییەکی گشتی چونکە تۆ کە مدیریەتێکت لە جێگایەک دانا دەبێ دەسەڵاتێکی گەورەتر هەبێ کە بتوانێ ئەو هینە استحداث بکات وپرۆسەکە بەردەوامەو خەریکین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەسەر خاڵی شەشەم تێبینیم هەیە، لەیەکیان وترا ئەوەی کە باسی زوبان بوو منیش پێم وایە هەر ئینگلیزیەکە پێویستە، خاڵێکی تر هەر لەو خاڵەدا ئەڵێ( المديرية العامة لممثليات حكومة الاقليم في الخارج ويرأسها موظف بدرجة مدير عام يحمل شهادة جامعية اولية.) من پێم وایە لێرە تەئکید بکرێت شهادە جامعیە اولیە فی القانون والسیاسە چونکە ئەو کارانەی کەپەیوەندییان بەم ئیشەوە هەیە زیاتر مەسائیلی قانونین وسیاسەتی دوەلییە لەبەر ئەوە ئەگەر تحدید بکرێ باشترە، پێم وایە هەریەکەیان چونکە زیاتر مەسەلەی دبلوماسیەت مەسائیلی قانونی دوەلی یە لێرە. ئەوانەی کە دەرچووی قانون و سیاسەتن بە تەئکید ئەوانە دەتوانن ئەو دەورە ببینن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس د.ناسح. بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە فەقەرە چوار هاتووە فەقەرە سێ چوار مدیریە عامە استحداث کردیە شروط بۆ دانانە، ژوان شروتێت وان دانانە یرأسها موظف بدرجە مدیر عام من حملە شهادە جامعیە اولیە وەکو یاسایێت مە مصادقە لەسەر کردی وەکو عورفەک وقانونێش لدڤ مە شروتێ زێتر ژ دەکەین نازانم جەنابی وەزیریش بیرکە یان فعلەن پێویست ناکاتن ئەوژ (لە خدمە مالاتقل عن عشر سنوات) چەند زێدە مهمە خبرەو کەفائە بۆ مدیر عامەکە مدیر عام زێدە گرنگە شروط بۆ بێننە دانانێ و دە سالێ کەمتر نەبێت کو یاسا مە مصادقە لەسەر کری بۆ مدیر عامێ، ئەڤە یەک دووێ (المدیریە العامە للسفر) وەکو جەنابی وەزیر باش دەزانێت عەبئێکی مەزن لەسەر سەفەرێ هەیە وەکو طلبات سەفەرێ و خەلک ژ هاتوچۆێ دەکات زێدە هاتە کرنێ بۆ هەولێرێ وبۆ مراجعەتا. من پێشنیار دەکەم کە جەنابی وەزیر مەوجودە برێکا جەنابی هەوەو وەکو هەیئەی سەرۆکایەتی من پێشنیار دەکەم دوو مدیریە بێنە استحداث کرن مدیریە سفر هەولێر و مدیریە سفر دهوک بۆ زێدەتر ئاسان کردنا ئیش وکارا هاولاتیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەس بۆ روونکردنەوەیە، مدیریات صلاحیەتی مدیر عامە دەتوانێ بە پێی نیزام مدیر عام اقتراحی دەکات و صلاحیەتی وەزیرە بەپێی نیزام مدیریات اضافە دەکات، ئەو خالەش کە ئیشارەتت پێ دا مەسەلەی مدیر عام راستە ئێمە لەهەموو وەزاتەکاندا بەپێی یاسای خۆمان دەبێ خزمەتی دە سالی هەبێ، بەڕێز کاک سەفەر، فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

د.رزگاریش وابزانم ئیشارەتی بەو مەوزوعە دا کە یاسای وەزارەتی حکومەتی هەرێمیش شروطی مدیر عامی تێدا هەبووە و شەرتەکە خدمەی فعلی هەبێت مابەینی حەفت سالْ دە سالْ شتێکی وا هەیە، وابزانم لێرەش هەر پێویست نییە خدمەی فعلی هەبێت وشارەزایی هەبێت لەم ئیش وکارانە بەتایبەتی فەقەرەی شەش المدیریە العامە لمثلیات حکومە الاقلیم فی الخارج کاک د.ناسح اشارەتی پێدا بەلام لێرە هەر زۆر زۆر ضروریە شهادەی قانونی هەبێت بە تحدید چونکە هەموو ئیش وکاری قانونیە لای ئەو فەقەرەیە، ئەو پرۆژەیەش نیشانەی پێشکەوتنی کاروباری وەزارەتە هیوادارین کە باشتر خزمەتی هەبێت بۆ هاولاتیان لە هەرێم و جالیەی کوردی لە دەرەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک سەفەر، بەڕێز کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاشکرایە ئەو ئیشانەی کە لەو پرۆژەدا هاتووە هەموو تقریبا ئیشی قونصلە، ئەوەی ملاحظەمان کرد لە یاسای وەزارەتی خارجیە لە مادده (٣٩) دا هاتووە دەڵێ لە قانونی رەقم (٣١) لە ساڵی ١٩٧٦ لە ژێر عنوانی الدائرە القنصلیە ئەوانی کە هاتووە وتتألف من القسمين التاليين قسم الجوازات والسمات هەروەکو جەنابی وەزیر فەرمووی ئەوەی تریش قسمی مصالحە ئەوەی لەو پرۆژەدا هاتووە دەربارەی ئەو ئیش وکارانە کە لە فقرە شەشدا هاتووە لە (أ،ب،ج،د) ئەوانە هەمووی لە ژێر ئەو عنوانەدا هاتووە ئیشی مصالحە وئەوەی تێبینی دەکرێ ئەو ئیشانە تقریبا ٩٩٪ پەیوەندی بە یاسا هەیە، وپێشنیارەکەی من چییە؟ دەڵێم پێویستە دائرەیەکی یاسایی لە ضمنی ئەو میلاکەیدا هەبێت چونکە ئەو ئیشانەی ئەوەی سەیرم کرد لە یاسای وەزارەتی دەرەوە بەشی شؤونی یاسایی تێدایە کە دەڵێت ئیشەکانی (ابداء الرأي في المسائل القانونية ٢- دراسة القضايا القانونية المحالة من الوزارة او الدوائر، ج- الاستئناس بديوان التدوين القانوني حول الامور القانونية، د- النظر في الدعاوي التي تقام في الخارج على العراقيين ه- اعداد لوائح القوانين) یانی تقریبا ئەو ئیشانە هەمووی پەیوەندی بە دوائری قانونی هەیە کەسەیری هەیکەلی وەزارەتەکەی دەکەین ئیشارەتی نەداوەتە ئەوەی کە شعبەی قانونی تێدا هەبێت، ئەوە یەک خاڵی دووەم جەنابی وەزیر فەرمووی ئیمە زمانی ئینگلیزیمان داناوە وەکو زمانێکی رەسمی بەڵام لە برگە (١٠) لە مادده (٤٧) لە فەصلی چوار لە قانونی خدمەی خارجی دەڵێ(ان يتقن احدى اللغات الرسمية للامم المتحدة) لغاتی رەسمی امم متحده تبعەن جەنابت دەزانی فەرەنسیە انگلیزیە، روسیە، اسپانییە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک محمد حسن باڵەتە، فەرموو.

**بەڕێز محمد حسن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مداخلەیەکم هەیە لە قسەکانی د.رزگارو کاک حاکم سەفەر، بەنیسبەت شروطی مدیر عام وابزانم شروتی مدیر عام لە قانونی خدمەی مدنی هاتووە، دە ساڵ خزمەتی هەبێت یان حەوت ساڵ خزمەتی هەبێت، وەزارەت دەبێ قانونی خدمەی مدنی لەسەر شروتی مدیرعام تطبيق بکات، پێی ناوێت جارێکی تر لەم قانونە ئێمە تکراری بکەین، بەنیسبەت فقرە شەش هەرچەندە من

لەگەڵ رای لیژنەی یاسایيم، بەڵام رایەکی شەخصی من ئەبينم (وتمنح تلك المثليات الصلاحيات التاليه) ئەمە ببێتە ماددەیەکی مستقل نەک تکملەی فقرەی شەش بێت واضافەی قانون بکرێت وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی یەکی بچکۆلە لە راستیدا، ئەگەر عفوم بکەن رای لیژنەی یاسا واضحە، رای لیژنەی یاسا یەک تێبینی پیشان نەداوە، بەڵکو تەئییدی هەموو پرۆژەکەی کردووە بەبێ گۆڕانکاری، یانی وەکو ملاحظەی دەکەم ئەندامانی لیژنەی یاسا بە پێشنیاری تازە دێنە پێشەوە لەوانەیە ئەمە ئیشەکە پاش وپێش بخات، مەفروزە لەپێشدا لیژنەی یاسا متفق بێت لەسەر رایەک ئەو رایە بخاتە سەر کاغەز لە دانیشتن لە ضمنی ئەوە دفاع لەو رایە بکرێت، واتصور دەکەم مفروضە بەو شێوەیە ئیش بکرێت، زۆر سوپاس. بەڕێز کاک جوهر شاواز فەرموو.

**بەڕێز جوهر احمد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر پێشنیارەکەی کاک سەعیدم هەبوو، پێشنیار دەکەم قانون کە زۆر گرنگە بۆ وەزارەت ئەو شعبەیە اضافە بکرێت لەگەڵ مدیریەی دیوان زەبت بکرێت بە مدیریەیەک لە فقرە ج- مدیریە شؤون قانونیە، چونکە شؤون قانونی بۆ وەزارەتەکان زۆر گرنگە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک محمد مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز محمد مەلا تاهیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە نیەتم بوو بیڵێم پێم وابوو گوترا ووەڵامیشم وەرگرتەوە زۆو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیری هاوکاری ومرۆڤایەتی فەرموو.

**بەڕێز شفیق قەزاز/وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوەی کە شهادەی یاساو سیاسەتی هەبێت بەراستی ئەمە لە هیچ جێگایەک لەدنیا تعاملی پێ ناکرێت، تەنانەت من دەتوانم بڵێم ئەوانەی سەفیرن لەزۆر وڵاتان دادەمەزرێن لەوانەیە لە کەرتی تایبەت لە شوێنێکی ئابووریەوە لە شوێنێکی بازرگانییەوە لە دەسەڵاتێکی تری حکومییەوە کە پەیوەندی بە یاساوە نەبێت هاتووە بۆ ئەمە، دووەم ئەوەی برادەرانی نوێنەرایەتی دەرەوە پێی هەڵئەستن تەنها بریتی نییە لەو خاڵانەی کە لێرە باس کراوە ، ئەگەر بەڕێزتان سەیری

یاسای وەزارەتی مرۆڤایەتی بکەن زۆر کاروباری تری هەیە کە رەنگە پەیوەندی نەبێت بەیاسا یاخود بە سیاسەتەوە لەبەر ئەوە بەراستی ئەمە وەکو مەرجێک یاخود وەکو پێویستییەکی سەرەکی بۆ ئەو کارە بۆ ئەو کەسە ئیمە بەشتێکی پێویستی نازانین، مەسەلەی خبرەی دە ساڵ نازانم عجبا لە یاسایەکی دیاری کراودا هاتووە کە عجبا دەبێ ئەو دە ساڵە هەبێت دەبێ ئێمە لێی بکۆڵینەوە، بەڵام بەراستی ئەوەی کە تاکو ئێستا ئێمە دامان ناون بۆ سەفەر بێت بۆ نوێنەرایەتی بێت بۆ هەر کەسێکی تر بێت تە ئکید لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە شهادەیان هەیە و کە بتوانێ ئەو ئیشە بەڕێوە بەرێت و پێی هەڵبستێ، لەبەر ئەوە وابزانم ئەمەش لە خۆیدا بەراستی مەرجێکی وا نییە کە بەزۆر پێی لەسەر دابگرین، مەسەلەی مدیریەت لەدهۆک و لەهەولێر من وەکو باسم کرد بۆ بەڕێزتان ئیمە مدیریەتێکمان لەدهۆک هەیە وهەروەها باسی ئەوەم کرد کە ئێمە مەرکەزی جوازات لە ئیبراهیم خەلیلەوە ئێستا هێناومانەتە ناو وەزارەت خۆیەوە وەزارەتی مرۆڤایەتی، لەبەر ئەوە هیچ بە پێویستی نازانین مدیریەتێکی تر لە هەولێر هەبێت کە ئیشی جوازات بکات چونکە ئەسلی بارەگای جوازات خۆی لێرە لە هەولێرە و لەناو وەزارەتدایە، هەروەها وەکو ووتم ئەگەر پێویست بێ پاش ئەوەی کە کاروباری پارێزگاکانی تر دادەمەزرێ بێگومان ئیمە پێویستیمان بەوە دەبێت کە مدیریاتی تر دابنێین وەکو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئاگاداری کردنەوە، ئەمەش لە صلاحیەتی وەزیرە و بێگومان لە وەختی خۆیدا ئیمە ئەوەی پێویست بێ پێی هەڵدەستین، مەسەلەی لغات راستە لە نەتەوە یەکگرتووەکان پێنج زمان ئیعتیرافیان پێ کراوە کە ئەمانە وەکو زمانی بەکارهاتووی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکار دێن، بەڵام بەراستی لەهەموو جێگایەک لایەنی واقعی ئەو شتە دەگیرێ لە جێگایەک وەکو ئەو وڵاتانەی کە نوێنەرەکانی ئێمەی تێدان ئینگلیزی زۆر بەکاردێت بەتایبەتی لە ئەمەریکا و بەریتانیا کە دوو نوێنەری سەرەکی ئێمە لەوێن ئەمانە وڵاتێکن کەزمانی ئینگلیزی زمانی رەسمی خۆیانە و لە هەموو جیهاندا ئەمڕۆ ئەوەش سەلمێندراوە کە زمانی ئینگلیزی زمانی بەکارهاتووە یانی لە زۆر جێگا ئەگەر زمانی یەکەم نەبێت زمانی دووەمی رەسمی ئەو وڵاتەیە باس لەوەی کە یەکێک زمانی ئیسپانی بزانێ، یاخود فەرەنسی بزانێ، یا ئینگلیزی بزانێ، بەراستی ئەوە لە روانگەیەکی واقیع بینانەوە لە جێگای خۆیدا نییە، ئێمە کە باسمان لە زمانی ئینگلیزی کردووە لەسەر بنەمای ئەوەی کە بەپێویستی ئەزانین و زیاتر بەکار هاتووە بۆ نوێنەرەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز جەنابی وەزیر دەکەین، بەڵام سەبارەت بە بەڕێوەبەری گشتی بە پێی یاسا دەبێت خزمەتی هەبێت و، هەر یەکێک بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێت وبکرێت بە بەڕێوەبەری

گشتی ئەوە شتێکی یاسایی نییە، واتە ئەوەی بکرێت بە بەڕێوەبەری گشتی دەبێت ئەو مەرجەی تیادا بێت، نابێت یەکێک ساڵێک و دووساڵ کاری نەکردبێت و خزمەتی نەبێت بیکەین بە بەڕێوەبەری گشتی نابێت، بەڵام بەڕێوەبەری بەش، یا نوێنەر لە دەرەوە ئەوە جیاوازە، فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تاوەکو ئێستا لە هەموو وەزارەتەکان کە بەڕێوەبەری گشتی دامەزراوە ئەو مەرجەی کە کاک محەمەد حەسەن باسی کرد پەیڕەو نەکراوە و، بەڕێوەبەرە گشتییەکان کە دامەزراون خزمەتیان نییە و، هیچ کاتێک نە لە کابینەی یەک و دوو و نە لە کابینەی سێ ئەم مەرەجەی تیادا نەبووە و، هیچ کاتێک بە نەزەری ئیعتبار وەرنەگیراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەم مەرجەی تیادا نەبێت ئەوە یاسایی نییە، چونکە یاسا وای داناوە، لەیاسادا ئەو مەرجە هەیە، ئەگەر بەپێی ئەو مەرجە نەبێت ئەوە یاسایی نییە، جا ئەوە شتێکی روونە، پێویستە لە دامەزراندنی بەڕێوەبەری گشتیدا ئەو خاڵە ڕەچاو بکرێت، هەروەها پێشمان خۆشە کەوا ئەندامانی لیژنەکانی پەرلەمان بگەڕێن و، بزانن لە وەزارەتەکان کێ بەڕێوەبەری گشتییە و خزمەتی لە دە ساڵ کەمترە دەبێت چارەسەر بکرێت،کاک شەفیق فەرموو.

**بەڕێز شەفیق قەزاز/ وەزیری یارمەتی و مرۆڤایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر پەرلەمان بییەوێت شتێکی وا بکات، وابزانم هەموو سستەمی حکومەت دەگرێتەوە و، ئەگەر هاتە سەر ئەوەی کە داواکرا لە پەرلەمانەوە لە حکومەت کەوا ڕەچاوی ئەم خاڵە بکات، ئەوکاتە بێگومان وەزارەتی مرۆڤایەتیش ملکەچی ئەو بڕیارە دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بێینەوە سەر پرۆژەکە، لەسەر داوای بەڕێز جەنابی وەزیر «مديرية التدقيق» وەکو جاران بخرێتەوە سەری، پێویست بە هەندێ گۆڕانکاری دەکات بەپێی ئەو گفتوگۆیانەی کە ئێستا کرا، یەکەم لەسەر داوای بەڕێز وەزیری مرۆڤایەتی «مديرية التدقيق»ی بخرێتەوە سەر، لە خاڵی سێیەمدایە و لەسەر «المديرية العامة للديوان » هأ- مديرية الحسابات. ب ـ مديرية التدقيق.جـ ـ مديرية الادارة والذاتية. ، ئێمە پێویستیمان بە «ب»هەیە، ئەی «الشوؤن القانون»یەی تیادا نییە؟، کاک شەفیق فەرموو.

**بەڕێز شەفیق قەزاز/ وەزیری یارمەتی و مرۆڤایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەوەی ڕاستی بێت ئەوە ماوەی چوار ساڵە وەزارەتی مرۆڤایەتی خراوەتەوە کار و، چالاکی بووە، تاوەکو ئەمڕۆ ئێمە شتێکی وامان نەهاتووەتە پێش کە پەنا بەرینە بەر دەزگایەکی وەکو ئەمە، بەڵام ئەمەش ڕێ لەوە ناگرێ کە سبەینێ ئەگەر پێویست بوو ئێمە دایبنێین، ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە دامان نەناوە کە پێویستمان پێی نەبووە، لەوانەیە کاری وەزارەتێک لە وەزارەتێکی تر جیاوازە و پێویستی بە شتێکی وا نەبێت، سەبارەت بە ئێمەوە شتێکی گرنگ نییە ئەگەر بخرێتەوە سەری، بەڵام ئێمە لە واقعێکی کارەوە بۆی چووین، ئەگەر پێویست بێت ئەوە دەیکەین، ئەگەریش پێویست نەبێت ئەوە دایناێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گفتوگۆکان ئەوەی دەرخست ئەم دەسەڵاتانەی کە ئەدرێت بە نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە هەموو دەسەڵاتی یاسایین، کە دەسەڵاتی یاسایش درا بە نوێنەران لە دەرەوە لە ڕووی یاساییەوە ڕەفتار بکەن و هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ خەڵکدا، پێویستە لە وەزارەتیشدا هۆبەیەکی یاسایی هەبێت بۆ ئەو کارانە، جا ئێمە وەکو تەوسیەیەک دەیدەین بە وەزارەت کە بەڕێوەبەرێتی یاسایی دامەزرێنن، جا کەواتە ئەو بەڕێوەبەرایەتی یاساییەی کە لە یاساکەدا هەیە، هەڵئەگیرێت و بمێنێتەوە، ئێستا «ب» «مديرية التدقيق» دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کەوا ئەم خاڵە بمێنێتەوە؟...سوپاس... کێ لەگەڵدا نییە؟ کەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، ئەمێنێتەوە بەڕێوەبەرایەتی یاسایی، ئەویش کە بمێنێتەوە لە یاسای وەزارەتدا، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە یاساکەدا بمێنێتەوە؟...سوپاس... کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا، سوپاستان دەکەین. ماددەی «٦» ئەوەش پێویست بە دانگدان دەکات بەجیا، «على ان يجيد اللغة الانكليزية»ی بخرێتە سەر، کێ لەگەڵ ئەم خاڵەدایە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، هەڵەیەکی زمانەوانیش هەیە کە دەڵێت:«من حملة الشهادات الجامعية» دەبێتە «من حملة الشهادة الجامعية»، پاش ئەوەی گوێمان لە گفتوگۆی هەموو ئەندامەکان و پرسیارەکانیان بوو، هەروەها گوێمان لە ڕوونکردنەوە و وەڵامەکانی بەڕێز وەزیری هاوکاری و مرۆڤایەتی بوو، ماددەکە هەمووی دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم ماددەیەدایە بەگشتی؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟... بە گشتی دەنگ ماددەکە وەرگیرا، لێرەدا مادەی یەکەم وەرگیرا، دێینە سەر ماددەی دووەم، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثانياً: لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم ماددەیەدایە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، کەواتە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، سوپاستان دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

ينفذ هذا القانون أعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە؟، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم ماددەیەک پێش ئەم ماددەیە هەبێت، چونکە ئەمە پێوەندیدارە بە وەزارەتی مرۆڤایەتی و وەزارەتی داراییش بۆ جێبەجێ کردنی، ئەویش «على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکتان هەیە؟، فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لە یاسا بنەرەتییەکەدا هاتووە و، پەیوەندیشی بە وەزارەتی مرۆڤایەتییەوە هەیە، وابزانم پێویست ناکات بە دانانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ماددەی سێیەم دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم ماددەیەدایە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، تکایە هۆکارە پێویستەکان بخوێننەوە.

**بەڕێز شـــــــێـــــــروان ناسح حـــــــەیدەری:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئەنجـــــــومــــــــەن.**

«الاسباب الموجبة»

بالنظر لتوسع مهام و أعمال الوزارة المتعلقة بالقضايا السفر الى الخارج وفتح بضع مديريات للسفر داخل الاقليم أصبح من الواجب أستحداث مديرية عامة للاشراف على اعمال تلك المديريات وتنظيم امورها وللتوسع الحاصل في العلاقات الدولية مع اقليم كوردستان العراق وفتح ممثليات للاقليم في دول عديدة، فقد أرتأينا أستحداث مديرية عامة لتنظيم الامور المرتبطة بالدوائر المناطة بها وللاسباب المذكورة فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئەنجـــــــومــــــــەن:**

ئێستا پرۆژەکە هەمووی دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم پرۆژەیەدایە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەگشتی دەنگ پرۆژەکە پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، لێرەدا کاروباری ئەم دانیشتنەمان کۆتایی دێ و دانیشتنی داهاتوومان سبەینێ کات «١٠»ی سەرلەبەیانی دەبێت، سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د. ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلەوە
ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ١٩
مێژووی بڕیار: ١/ ١٠/ ٢٠٠٠

«بڕیار»

لەسەر ئەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٦)ی رۆژی (١/١٠/٢٠٠٠)یدا ئەنجامی داوەو، پشت بەحوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمووارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێیانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٠

یاسای یەکەم هەمووارکردنی یاسای ژمارە (٢٠)ی ساڵی (١٩٩٣)ی

وەزارەتی یارمەتیی مرۆڤایەتی و هاوکاریی هەرێمی کوردستانی عێراق

ماددەی یەکەم:

ماددەی پێنجەمی یاسای ژمارە (٢٠)ی ساڵی (١٩٩٣)ی وەزارەتی یارمەتیی مرۆڤایەتی وهاوکاریی هەرێمی کوردستانی عێراق هەموار بکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە بخوێنرێتەوە:

ماددەی پێنجەم:

پەیکەربەندی (پێکهێنەکانی) وەزارەتەکە لەمانە پێک دێ:

١- نوسینگەی وەزیر.

٢- نوسینگەی بریکاری وەزارەت.

٣- بەڕێوەبەرێتی گشتی دیوان: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا بەمەرجێ بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی هەبێ، ئەمانەی خوارەوەشی پێوە دەبەسترێ:

أ- بەڕێوەبەرێتی حسابات (ژمێریاری).

ب- بەڕێوەبەرێتی تەدقیقکردن.

ج- بەڕێوەبەرێتی ئیدارەو زاتییە.

٤- بەڕێوەبەرێتی گشتیی پێوەندییەکان: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا بەمەرجێ بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی هەبێ، ئەمانەی خوارەوەشی پێوە دەبەسترێ:

أ- بەڕێوەبەرێتی ڕێکخراوەکان.

ب- بەڕێوەبەرێتی تەنسیق و ئامادەکردنی پرۆژەو بەدواداچون.

٥- بەڕێوەبەرێتی گشتی سەفەر کردن: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی هەبێ.

٦- بەڕێوەبەرێتی گشتی نوێنەرایەتییەکانی هەندەرانی حکومەتی هەرێم: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی هەبێ، بەمەرجێ، لەکەمی زمانی ئنگلیزی بەتەواوی بزانێ، نوێنەرایەتییەکانی هەندەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقیان پێوە دەبەسترێ کە ئەم دەسەلاتانەی خوارەوەیان پێ دەدرێ:

أ- تەحریری میرات «تحرير التركات».

ب- پێڕاگەیاندنی «تبليغ»ی ئەوراقی دادگایی.

ج- دەسەلاتی هەقیانەتنووس « دادنووس».

د – بەجێ گەیاندنی داواکارییەکانی جێگرتنەوە لە لێپێچانەوەدا «الانابە فی التحقیق».

هـ – جێگرتنەوە لەسوێنددداندا «الانابە فی التحلیف».

و – موخابەرەکانی معامەلەی حاڵوئەحواڵی مەدەنی.

ز – موخابەرەکانی کاروباری کۆنسلگەری.

٧– بەڕێوەبەرێتی کاروباری یاسایی.

مادەی دووەم:

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە کار.

مادەی سێیەم:

ئەم یاسایە لەو رۆژەوەی کە لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە، دەخرێتە کار.

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

«هۆکاری پێویست»

لەبەر ئەوەی کە ئەرکوفرمانی ئەم وەزارەتە، لە بواری بۆ هەندەران سەفەرکردندا زیاتر بووەو، چەندین بەڕێوەبەرێتی سەفەرکردنیش لە هەرێمەکەماندا کراونەتەوە کە پێویستیان بە بەڕێوەبەرێتیەکی گشتی هەیە سەرپەرشتی ئیشەکانیان بکات وکاروباریان رێک بخات و، لەبەر روولەزیادبوونی ئەو پێوەندییە نێودەوڵەتییانەش کە لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەرفراوان بووەو، لەگەڵێ دەوڵەتانیشدا نوێنەرایەتیی هەرێم کراونەتەوە، لەبەر ئەوانە هەمووی، وامان بەباش زانی، بۆ رێکخستنی کاروباری سەرشانخراوی ئەو دایەرانە کە پێویستە بە بەڕێوەبەرییەکی گشتییەوە ببەسترێ، ئەم یاسایەمان تەشریع کرد.